# جیهانێکی ویژدانمردوو

## ئەمجەد شاکەلی

نۆزدە ڕۆژە ئیسرائیل، بە بیانووی لێدانی حیزبوڵڵاوە، بە هەموو توانست و هێزی خۆیەوە و بەبەرچاوی هەموو جیهان و ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سەدان گەوادخانە و تەرەسخانە و بێشەرەف و خوێڕی دەستڕۆیشتووی جیهانەوە، پەلاماری لوبنان دەدات و بۆمبارانی دەکات و وێرانکاری تێدا دەکات و کەسیش جووکەی لێوە نایەت. تا ئەمڕۆ ژمارەی کوژراوانی خەڵکی لوبنان، گەیشتوونەتە 750 کەس و ژمارەی بریندارانیش پتر لە 2000 کەسێکە. زۆرینەی قوربانیانی ئەو پەلامارەی ئیسرائیل منداڵ و ژن و پیر و خەڵکی بێداکۆکی و نالەشکریین. ماڵوێران و هەڵاتووان و کۆچکردووانیش خۆ لە نیو ملیۆن و پتر دەدەن. هەزاران ماڵ و خانوو و کارگە و کارگێڕی و دەیان گوند و گەڕەک خاپوور و لەگەڵ خاکدا یەکسان کران. زیانێکی ماددییش، کە ئیسرائیل لە لوبنان و خەڵکی لوبنانی داوە بە ملیاران دۆلار قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەمە جاری یەکەم نییە، کە ئیسرائیل وەها کارێک لەهەمبەر لوبنان ئەنجام دەدات. ئێستاش لە بیرگەی خەڵکی خودان ویژدان و قوربانییاندا، دیمەنەکانی سەبرا و شاتیلا و وێرانکردنی بەیرووت نەسڕاونەوە. ئیسرائیل لە 1948ەوە سیاسەتی وێرانکردنی فلستین و وڵاتانی دیکەی عەرەب و کوشتنی خەڵکی فلستینی و عەرەب پێڕۆ دەکات و هەموو دەمێکیش بۆی چووەتە سەر. مێژووی مرۆڤایەتیی یەک مێژووە و مێژووی جیهان یەک مێژووە. ئەوەی کەمێک شارەزاییی لە مێژوودا هەبێت و خۆ نەخەڵەتێنێت و بە چاویلکەی تاریکەوە نەنۆڕێتە مێژوو، دەزانێت ئەم جەنگەی ئێستاکە لە لوبنان و فلستیندا بەڕێوە دەچێت و ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، جەنگی ئەمڕۆ نییە و پاشخانێکی دوورودرێژی هەیە و ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا. ئەوەی بنەما و هۆکارەکانی جەنگەکە دەگێڕێتەوە بۆ ڕفاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلی لە لایەن حیزبوڵڵاوە لە 2006/7/12 دا، یا بۆ کردەوەیەکی فلانە ڕۆژی حەماس، یا بۆ توندڕۆیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، یا بۆ کۆمەکی ئێران و دنەدانی ئێران و...، گەلێک کاڵفامانە دەنۆڕێتە ڕەوشەکە و ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە. ئەوەی هەر ڕووداوێک هەنووکەییانە و بێ خوێندنەوەی بەرایی و دیرۆک و پێشینەکانی بخوێنێتەوە و لێکبداتەوە، ئەنجامێکی ناڕاستی دێتە دەست و مێژوو دەشێوێنێت و خەڵکیش چەواشە دەکات. کە باس لە جەنگی ئێستای ئیسرائیل و لوبنان و فلستین دەکرێت، وەک ڕاستییەک مرۆڤ گەرەکە ئەوە بزانێت کە:

ئیسرائیل داگیرکاری خاکێکە بە نێوی فلستین، کە وڵاتی خەڵکێکە بە نێوی فلستینی.

ئیسرائیل ئەنجامی بەڵێنێکی ئیمپریالیستانەی نادادپەروەرانەی بەلفۆرە و عەلی شەریعەتی گوتەنی "کچێکی زۆڵی ئەو زینایەیە، کە لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووی داوە"[1]
ئیسرائیل دوورخستنەوە و وەدەرنانی جوولەکەیە لە ئەوروپا و خڕکردنەوەیانە لە فلستین، بۆ کەمکردنەوەی سەرئێشە و کێشەی ئەوروپاییان و چاندنی گەرای شێرپەنجەیەک لە نێوەندی جیهانی ئیسلام و عەرەب و ڕۆژهەڵاتدا.
ئیسرائیل گێڕانەوەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژاوایە بۆ ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلام و تۆڵەسەندنەوەی ڕۆژاوایە لە سەرکەوتنەکانی سەلاحوددینی ئەییووبی دژی خاچهەڵگران.
ئیسرائیل سرەوەی فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ئیسلام و عەرەبە و کان و وزە و بنەما و پەرەپێدەری هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژاوایە بە سەرجیهانی ئیسلامدا.
ئیسرائیل دەکاتە ڕۆژاوا و هەڵگری تەواوی تۆو و ماکەکانی ژیان و بەردەوامیی بوونی ڕۆژاوایە.
کە ئەوە پێناسەی ئیسرائیل بێت، ئەودەم خوێندنەوەی ڕەوشەکە شێوەیەکی دیکەی سەدلەسەد پێچەوانەی ئەو جۆرە خوێندنەوە فەرمییەی ئەوڕۆ لە ئارادایە وەردەگرێت و تەواوی ئەوەی لە میدیاکانی ڕۆژاوا و کوردستان و بەشێکی وڵاتانی عەرەب و ئیسلام و ڕۆژهەڵاتیش دەبینرێن و دەبیسرێن و دەخوێندرێنەوە، ئاوەژوو و هەڵە دەردەچن.
بەشێکی زۆری میدیاکانی جیهان و بە تایبەت ڕۆژاوا، نەک هەر ئەوڕۆ و زۆر لەمێژە، بە دەست زایۆنیزمی جیهانی و ئیسرائیل و کۆمپانیا مەزنەکان و دۆستان و کەسانی نێزیکی ئەوانەوە بوونە و هەن و ئەوانن کۆنترۆڵی دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەی دەکەن. لەو ئاراستەکردنەیشدا ئەوان چەواشەکاری و مێشکشۆردنەوە و بەهەڵەپێشاندان و خوێندنەوەی نادروست و ناڕاست دەرخواردی مێشکی بینەر و بیسەر و خوێنەر دەدەن و گەلەپرۆپاگەندەی ڕێوێڵکارانە پەخش دەکەنەوە. ئەوەی لەو میدیایانەدا وەدی دەکرێن، پێشاندانی ئیسرائیلە وەک قوربانی و ستەملێکراو و حیزبوڵڵا و حەماسیش وەک کوژەر و ستەمکار و شەیتان و تەرۆریست. ئەو وێنەیە گەلێک لەمێژە ئەمەریکا و ڕۆژاوا و ئیسرائیل و ئەوانەیشی وا لە بازنەی واندا دەخولێنەوە، ویستوویانە و دەیانەوێت پێشانی خەڵکی بدەن. ئەمەریکا و هاوپەیمان و دۆستە بندەستەکانی بۆ خۆیان و دوای نەمان و لەنێوچوونی ترکزە و هەڕەشەی کۆمۆنیزم و لە دیدی دوژمنایەتیکردنی تەواوی فەرهەنگ و بەها و دید و هزر و باوەڕەکانی ئیسلام و جیهانی ئیسلامەوە، تێزی تەرۆریزم و ئێمە و ئێوە و ئێمە و ئەوانیان داهێنا و کەوتنە وێزەی فەرهەنگی ناڕۆژاوایی(بە تایبەت نائەمەریکایی) و نامەسیحی و هەموو شتێکی ناڕۆژاوایی(بە تایبەت نائەمەریکایی) و نامەسیحییان خستە چوارچێوەی نەیار و ئەوی دیکەی ناجۆر و زۆڵەکەوە، کە گەرەکە لەبەین بچن. میدیا فەرمییەکانی کوردستانیش هەر بەو ئاوازە دەخوێنن و مێشکی خەڵکی کورد تێکدەدەن و ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکەنەوە.
ساڵانێک بوو، لە کوردستان، تەواوی ئەوانەی خجڵی کاری فەرهەنگی بوون و سەروسەودایەکیان لەگەڵ نووسین و ڕادەربڕیندا هەبوو و خۆیان لە خانەی فەرهەنگدا دەبینییەوە، ئەگەر بە دەنگی بەرز هاواریان نەکردبا و نەیانقیڕاندبا، ئەوا هەر پەیڤێک، وشەیەک، دەنگێک یا نووزەیەکیان بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانی ئەلجەزائیر و کووبا و کاسترۆ و گیڤارا و ماو و فلستین دەگوت و لێوەدەهات. ئێستا کە دەنۆڕیتە ئەو خەڵکانە دەبینیت متەقیان لە خۆیان بڕیوە و جووکەیان لێوە نایەت.

---

[1] شریعتي، الدكتور علي، العودة الى الذات، ترجمة د. إبراهيم الدسوقي شتا، القاهرة 1986، ص 161.

ئەوانیش هەر ئەو ڕێچکەیەی میدیا فەرمییەکەی کوردستانیان گرتووەتەبەر و ئەوانیش بە لاملدا دەدەن و سوێند بە سەری ئەمەریکا و ئیسرائیل دەخۆن. میدیا فەرمییەکانی کوردستان لەگەڵ ڕەوتە ئەمەریکاییە- زایۆنییە- ڕۆژاواییە دژە ئیسلام و عەرەب و فەرهەنگە ڕۆژهەلاتییەکەن و ئەوانیش گەلەپرۆپاگەندە بۆ کالا ڕۆژاواییەکە، بە هەموو گەماری و پۆخڵییەکییەوە دەکەن. فەرهەنگییانی کورد و خۆبەڕووناکبیرزانانی کورد، کە ناکرێ لە" تاریکبیران" زیاتر نێوێکی دیکەیان لێ بنرێن، بێ ئەوەی ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر، پێخاوسانە وەنێو ئەو زۆنگاوەی دەسەلاتدارانی کوردستان کەوتوون و ئەوانیش خۆیان خستووەتە خانەی ئەمەریکا و ئیسرائیل و ڕۆژاواوە. ڕۆژانە دەیانی لەو جۆرە خەڵکە دەبینین و دەژنەفین، کە چۆن زل زل و بێشەرمانە دێنە گۆ و داکۆکی لە ئیسرائیل دەکەن و بۆ ئیسرائیل دەکوڕووزێنەوە و دەگرین. دەسەلاتی کورد و فەرهەنگییانی کورد و میدیای کورد و سیاسەتکاری کورد، ئێستاکە تەواوی هێلکەکانی خۆیان خستووەتە سەبەتەی ئەمەریکا و ڕۆژاواوە و پێیانوایە ئیدی بەوە دەبنە ڕۆژاوایی و ئەمەریکا پتری خۆشدەوێن و ئیسرائیل شتێکیان بۆ دەکات. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن، دابڕین و دوورخستنەوەی کوردە لە مێژوو و فەرهەنگێکی هاوبەش لەگەل گەلانی ئەو دەڤەرەی کوردستانی تێدایە. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن سڕینەوەی مێشک و بیرگەی کوردە لەو مێژوو و فەرهەنگە هاوبەشەی لەگەڵ گەلانی ئەو دەڤەرەدا و ئاخنینیەتی بە مێژوو و فەرهەنگێکی زۆڵەک و نامۆ. نێزیکترین و دۆستترین و هاوپەیمانترین و گەورەترین کۆمەککاری لەشکری و ئابووری سەرسەختترین نەیاری گەلی کوردستان و خواستی کورد لە جیهاندا، کە تورکیایە، ئەوڕۆ ئیسرائیلە. بەشێکی زۆری ئەو فیشەک و مووشەکانەی، کە تورکیا بە گوندەکانی کوردستانەوەی دەنێ و کوردی پێ لە نێو دەبات، لە ئیسرائیلڕا پێی دەگات و دەیدرێتێ. ئیسرائیل دۆستی کورد نییە و سیاسەتی ئیسرائیلیش سیاسەتێکی چەوت و دژە مرۆڤە. گەلێک بۆ خۆی خەباتی سەربەخۆیی بکات و ڕێگەی ئازادی گرتبێتە بەر، نەدەبوو لایەنگری داگیرکار و ستەمکار و تێلابەدەست بێت.

ئەمەی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، بەشێکی دانەبڕاوەی جەنگی ئەمەریکایە دژ بە هەموو ئازادیخوازانی جیهان. ئەمەریکایەک، کە بە دەنگی کاسترۆ و چاڤێز و مۆرالێز تووڕە دەبێت و تێکدەچێت، بە دەنگی حەماس و حەسەن نەسروڵلا و حیزبوڵلا کەللەیی دەبێت. ئەمەریکا دەیەوێت هەموو جیهان بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەلاتی خۆیەوە و هیچ دیاردە و فەرهەنگ و سیاسەتێکی نائەمەریکایانە لە جیهاندا نەهێڵێت.

مارۆن ئەڕڕاس(مارون الراس) و بنتجبەیل(بنت جبیل) و قانە، قەلای ئازادی وکوانووی شۆڕش و مەکۆی شۆڕشگێڕان و بنکەی بەرخۆدانن و وێرانکردن و بۆمببارانیشیان لە لایەن ئیسرائیلەوە نیشانەی دەستدرێژی و دڕندەیی و نامرۆڤیەتیی ئیسرائیلە. حیزبوڵلا و حەماسیش خەڵکانێکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕن و دەنگ و زمانحاڵی خەڵکی لوبنان و فلستین و بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ئازادیخوازانی ئەمرۆی جیهانن دژ بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و ئیسرائیل و بازنەی ڕۆژاوا. نێوبردنی حیزبوڵلا و حەسەن نەسروڵلا وەک تەرۆریست و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەلقاعیدە و زەرقاوی و بینلادن و ئەوانەدا، کارێکی ناڕاست و نابەجێیە و بەشێکە لە نەخشەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو جیهان و تاساندنی دەنگی ناڕەزایی و نێوزەدکردنی هەموو دەنگێکی بوێر و دلێر وەک شەڕانی و تەرۆریست. هەر خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی ئەم ڕاستییانە، خوێندنەوەیەکن دەکەونە خانەی بازنەی ئەمەریکا- ئیسرائیلییەکەوەی دژەجیاوازی و دژە فرەفەرهەنگی و فرەڕەنگی و فرەدیدەوە. ئەو جیهانەی، ئەو سیاسەتکارەی، ئەو دەسەلاتدارەی، ئەو ڕووناکبیرەی، ئەو مرۆڤەی

له ئاست جەنگی ئیسرائیلی دژە فلستین و لوبنان و حیزبوڵڵا و حەماسدا لایەنگری ئیسرائیلە یا بێدەنگە، جیهان و سیاسەتکار و دەسەڵاتدار و تاریکبیر و مرۆڤێکێکی کەڕ و لاڵ و ویژدانمردووە.

2006-7-30